# ناسیۆنالیزم، جیهانوەتەنخوازی و بێدەوڵەتی[1]

## وتووێژێک لەگەڵ کرایگ کاڵهون

سازدانی : بەرزوو ئەلیاسی

وەرگێڕانی: حیسامەدین(هیوا) خاکپوور



١٦ی کانوونی یەکەم ٢٠٢٣ هەڤپەیڤین

**پوختە:**

ئەم وتووێژە لەگەڵ پرۆفیسـور کرایگ کاڵهۆن، دەپەرژێتە سـەر باسـەکانی ناسـیۆنالیزم و جیهانوەتەنخوازی لە پەیوەندیی لەگەڵ پرسی بێدەوڵەتیدا. کاڵهۆن لە سـاڵەکانی نەوەدەوە کاری لەسـەر ناسـیۆنالیزم و ئەتنیسـیتە و جیهانوەتەنخوازی کردووە. بە باوەڕی کاڵهۆن

[1] . دەقی ئینگلیزی ئەم وتارە لە ساڵی 2014 لە گۆڤاری ‘خوێندنەوە کوردییەکان Kurdish studies’، بەرگی 2، لاپەڕەی 61-74 بڵاوە کراوەتەوە.

نەتەوەکان سەرەڕای باسوخواسی پاشنەتەوەیی[2] و جیهانوەتەنی و ڕەتکردنەوەی ناسنامە ناوچەیی و باژێرییەکان، هێشتا گرینگیی تایبەتی خۆیان هەیە. کاڵهۆن لەم وتووێژەدا باس لە هەلومەرجی ماددی، سیاسی و فەرهەنگیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ڕۆڵی ناسیۆنالیزمی کوردی لە کۆدەقی[3] بێدەوڵەتیدا دەکات. بە بۆچوونی کاڵهۆن تێگەیشتنی چینایەتی- تەوەر لە نایەکسانی لە نێوان کورد و ئەوانی تری سەردەست لە ڕۆژهەڵاتی ناڤیندا، کێشەساز و ناتەواوە چونکە نایەکسانیگەلی فەرهەنگی، سیاسی و ماددی، پەیوەند و گرێدراوییەکی نزیکیان پێکەوە هەیە بۆ ئەوەی کورد لەو وڵاتانەی لێی نیشتەجێیە بکەوێتە دۆخی ژێردەستییەوە. هەروەها وتووێژەکە دەپەرژێتە سەر ناسنامەی دیاسپۆرا و لێکۆڵینەوە لەوە دەکات کە چۆن وڵاتانی نیشتەجێبوون دەتوانن لەسەر پێکهاتنی ناسنامەی دیاسپۆرا کاریگەری دابنێن و چۆن ڕێگری یان ئاسانکاری بۆ کۆچبەران دەکەن لە گۆڕانی دۆخی هاووڵاتیبوونیان بۆ مافی هەبوونی مافەکان (ئارێنت). بابەتێکی گرینگ کە کاڵهۆن شەنوکەوی دەکات مەسەلەی پەیوەندیی دەسەڵاتی ناهاوسەنگ لە نێوان ناسیۆنالیزمی ژێردەست (ناسیۆنالیزمی کوردی) و ناسیۆنالیزمەکانی سەردەست (ناسیۆنالیزمی تورکی، ئیراقی، ئێرانی و سوریایی) و لە نێوان خودی ئەو ناسیۆنالیزمانەیشدایە.

**وشە سەرەکییەکان:** چارەی خۆنووسین، کورد، دادگای دەستووری تورکیا، ئۆتۆنۆمی، دیموکراسی.

**ئەلیاسی: چی تۆی هاندا لەسەر ناسیۆنالیزم بنووسیت؟**

کاڵهۆن: یەکەم جار کە لەسەر ناسیۆنالیزم نووسیم، بانگهێشتنامەیەکم پێ گەیشت بۆ نووسینی بابەتێک لە پێداچوونەوەی گۆڤاری ساڵانەی کۆمەڵناسی لەسەر پێکهاتە و بکەر. پێم وا بوو ئەوە کەمتر سەرنجڕاکێشە چونکە زۆر دەرهەست و زەینییە و پەیوەندیی بەو

---

[2] . post-national.

[3] . context.

شتەوە نییە کە لە جیهاندا دەگوزەرێت. منیش نووسیم و گوتم خۆشحاڵ دەبم کە وتارێک لەسەر ناسیۆنالیزم بنووسم نەک پێکهاتە و بکەر. ئەوان لە وەڵامدا نووسییانەوە و گوتیان نەخێر، چونکە ئێمە پرسیارە کۆمەڵایەتییە سەرەکییەکانی وەک پێکهاتە و بکەرییەتمان دەوێت نەک ناسیۆنالیزم، چونکە ئەو باسە ئەوەندە گرنگ نییە. ئەمە لە ساڵی ١٩٩١دا بوو بۆیە وای لێ کردم بیر لە پچڕانی پەیوەندیی نێوان ئەو شتانە بکەمەوە کە خەڵک پێیان وایە لە ڕووی ئەکادیمییەوە گرنگن و ئەوەی لە جیهاندا دەگوزەرێت. ئەمە سەردەمی تێکچوونی یەکێتیی سۆڤییەت و هەموو ئەو ململانێیانە بوو کە لە ئاسیای ناوەڕاستدا سەری هەڵدەدا. پێم وا بوو کە ناسیۆنالیزم گرنگییەکی یەکجار زۆری هەیە و بۆیە لە کۆتاییدا وتارێکم نووسی و زیاتر و زیاتر هۆگریم بە خوێندنەوەی ناسیۆنالیزم پەیدا کرد. پرسی یەکانگیری و وەفاداریی کۆمەڵایەتی[4] بە لامەوە گرنگ بوو. من لەسەر پرسەکانی وەک چینایەتی، جڤاک، نارەزایەتی و کردەوەی بەکۆمەڵ کارم کردبوو. نەتەوە چییە و چۆن بیر لەم بابەتە دەکەینەوە؟ هەڵبەت خەڵک وشەی وەک جڤاکی نەتەوەیی بە کار دەهێنن. جڤاکی نەتەوەیی بە هەمان مانای جڤاکی لۆکاڵی نییە؛ خوازەیەکە. جڤاکی لۆکاڵی هەموو ئەم پەیوەندییە چڕانەی هەیە، بە شێوازێک کە مرۆڤەکان یەکتر دەناسن. جڤاکی نەتەوەیی لە ڕووی پێناسەوە، ئینتزاعی و دەرهەستترە. ئەوە بوو بە هۆی ئەوەی بیر لە ناسیۆنالیزم و لە مانای یەکانگیری و وەفاداری لە جڤاکی ئاوا گەورەدا بکەمەوە. لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا زیاتر و زیاتر دەستم کرد بە بیرکردنەوە لەم بابەتە و بە تایبەتی کارەکانی بینێدکت ئەندەرسۆن لەسەرم کاریگەری دانا. لە ساڵی ١٩٨٩دا لە کاتی کارکردنم لە چین لەسەر بزووتنەوەی خوێندکاران لەژێر کاریگەریی ئەزموونەکانمدا بووم، لەوێدا تایبەتمەندییەکی سەرنجڕاکێشم سەبارەت بە بزووتنەوەی خوێندکاران دۆزییەوە کە لە زمانی زانست و دیموکراسیدا بە زمانی ئینگلیزی و نێودەوڵەتی خۆی پێشکەش کرد، بەڵام لە چیندا خۆی وەک بزووتنەوەیەکی نەتەوەییی خۆبەهێزکەر پیشان دا. وتم باشە لێرە چی دەگوزەرێت؟ بۆچی ئەمە بەشێکی نەتەوەییە بەڵام بە مانا ئاساییەکەی ناسیۆنالیستی نییە؟

**ئەلیاسی: کەم لەو توێژەرانەی کە لەبارەی ناسیۆنالیزمەوە دەنووسن، لەگەڵ ناسیۆنالیزم هاوڕان و خۆیان زۆر ڕەخنەگرانە لە بەرامبەر ئەم ئایدۆلۆژیایەدا دەوەستن. بینێدکت**

[4] . social solidarity and loyalty

**ئەندەرسـۆن لە سـاڵی ٢٠٠٥ لە وتووێژێکدا بە ئاشـکرا پشـتگیریی خۆی لە ناسـیۆنالیزم ڕاگەیاند. لە وەڵامی پرسیارێکدا کە ئایا ناسیۆنالیستە یان نا؟ ئەندەرسۆن وەڵامی دایەوە: بەڵێ، بە تەواوی. دەبێ من تاکە کەسـێک بم کە لەسـەر ناسـیۆنالیزم بنووسـم و ناسیۆنالیزم بە شتێکی ناشیرین نەزانێت. ئەگەر بیر لە توێژەرانی وەک گێلنەر و هۆبسبام بکەیتەوە، ئەوا هەڵوێسـتێکی تەواو دوژمنکارانەیان هەیە بەرامبەر بە ناسـیۆنالیزم. من بەڕاسـتی وا بیر دەکەمەوە کە ناسـیۆنالیزم دەتوانێت ئایدیۆلۆژیایەکی ڕاکێشـەر بێت. خۆشـم لە توخمە یوتوپیاییەکانی دێت. ئایا لەگەڵ ئەندەرسـۆن هاوڕایت لەسـەر هەڵوێستی لایەنگرانەی لە ناسیۆنالیزم؟**

**کاڵهۆن**: من بە تەواوەتی لەمەدا لەگەڵ ئەندەرسـۆن هاوڕام. ئەمە بەشـێکە لەو بابەتانەی من لە کتێبەکەمـدا "*نەتەوەکان گرینگن*[5]" توەژینەوەم لەسـەر کردووە. من پێم وا نییە ناسـیۆنالیزم هەمیشـە ئایدۆلۆژیایەکی سـەرنجڕاکێش بێت بەڵام پێم وایە ناسـیۆنالیزم دەتوانێت هێزێک بێت بۆ چاکە و دەتوانێت مرۆڤەکان لە دەرەوەی بەرژەوەندیی تەسـک و خۆپەرستی، بە شێوازی جۆراوجۆر بەرز بکاتەوە. پێم وایە کە دەتوانێت ببێتە هۆی لێکترازان و کێشەیشی لێ بکەوێتەوە. مرۆڤەکان هەوڵ دەدەن لە نێوان نیشتمانپەروەری و ناسیۆنالیزم جیاکاری بکەن. ئەوان پێیان وایە نیشـتمانپەروەری شـتێکی باشی نەتەوەییە و ناسـیۆنالیزم شـتێکی خراپە. پێویسـتە پرسـیاری ئاڵۆزتر و تایبەتتر سـەبارەت بە ناسـیۆنالیزم بکەین. ئەگەر یەکـانـگـیریی نەتەوەیی[6] نەبـوایە، دیـمـوکـراسی ئەمـڕۆ لە جـیـهـانـدا بـوونی نەدەبـوو. لە دەوڵەتشـارەکاندا پۆتانسـیل بۆ ڕێکخسـتنی دیموکراسی هەبوو بەڵام ئێمە ئەمڕۆ ئەوەمان نییە. لە ڕاسـتیدا دیموکراسی زۆر وابەسـتەی ناسـیۆنالیزم بووە و سـەرهەڵدانی دیموکراسی لەسـەر ئەو بیرۆکەیە بەند بووە کە کێ دەتوانێت هاووڵاتی بێت و کێ دەتوانێت دەنگ بدات. ئەم بیرۆکەی هاووڵاتیبوونە پەیوەندییەکی قایمی بە ناسـیۆنالیزمەوە هەیە. ئەمە بەو مانایە نییە کە هەر کەسـێک لایەنگری ئەتنیکی یەک ڕەچەڵەک و یەک زمان بێت. زۆر ڕێگەی جۆراوجۆر هەیە بۆ بنیاتنانی نەتەوە وەک لە کتێبەکانمدا باسـم کردووە. دەکرێت ڕێگەی کەم تا کورت باشـت هەبێت بۆ ئەنجامدانی. هەندێک نەتەوە لە لەخۆگرتنی بیانییەکاندا

[5] . *Nations Matter*

[6] . national solidarity

باشــترن لە هەندێکی تر. شــتێکی باشــە کە بتوانیت کۆچبەران لە خۆ بگریت، بۆیە هەموو ناسـیۆنالیزمەکان نەرێنی نین. بە ئیلهاموەرگرتن لە تێگەی وەفاداری و دڵسـۆزی[7]، ئەو جۆرە بەڵگاندنانە باش دەنوێنن کە بۆ نموونە ســیاســەتی پارتی کرێکارانی بریتانیا[8] گرتوویە بەر کە دەڵێت: باشــە ئێمە یەک نەتەوەین و نابێت ڕێگە بدەین جیاوازیی نێوان دەوڵەمەند و هەژارەکان زۆر گەورە بێت و نابێت ڕێگە بدەین هەندێک ناوچەی دیاریکراو لە وڵات هەژار بێت لەکاتێکدا ئەوانیتر دەوڵەمەند بن. پێویســتە هەوڵ بدەین بیر لە هەموو میللەت بکەینەوە. ئەوە شـتێکی سـەرنجڕاکێشـە. باش نییە ئەگەر بڵێیت ئێمە نەتەوەین و پێویسـتە هەموو کۆچبەران لە دەرەوەی نەتەوەکەمان بهێڵینەوە. ناســیۆنالیزم دەتوانێت بانگەوازی خەڵک بکات کە گرنگی بەو شتانە بدەن کە بەسەر خەڵکانی دیکەی وڵاتاندا دێت.

**ئەلیاسی: ئایا بە ڕاســتی دەتوانین بیرۆکەی نەتەوە وەک هەڤاڵایەتییەکی ئاســۆیی[9] ناو ببەین سەرەڕای ئەو نایەکسانییە گەورە ئابوورییانەی لە نێوان چین و توێژە جیاوازەکاندا هەیە؟**

**کاڵهۆن**: پێم وایە ناسیۆنالیزم بە شێوەی زۆرینە ئاسۆییە. هەبوونی تێگەیشتنێکی ئاسۆیی بەهێز لە نەتەوە بۆ خۆی بەس نییە بۆ ئەوەی گەرەنتیی ئەوە بکەیت کە ســیســتەمێکی ئابووریی ســەرمایەداریی زۆر نایەکســانیشــت نابێت. ناســیۆنالیزم بنەمای بانگەوازکردنی خەڵکە بۆ ئەوەی کارێک بکەن و ئەو نایەکســانییە ســنووردار بکەن. ئەو وڵاتانەی کە حکوومەتە سـۆسـیال-دیموکراتەکان بە ڕێوەی دەبەن زۆر جار یەکسـانترن و سـۆسـیال-دیموکراسی وابەســتەی بیرۆکەیەکی نەتەوەییی بەهێزە. ئەوە بەو مـانـایە نییە کە هێرشی بێگانەهەراسی[10] لە سوید و نەرویج بۆ سەر کۆچبەران ناسیۆنالیستی نییە. ناسیۆنالیستە و دەتوانێت ناسـیۆنالیزمێکی قێزەوەن بێت. بەڵام کێشـەکە کاتێکە کە خەڵک هەوڵ دەدەن لە خراپترین نموونەکانیەوە گشتاندن بکەن. ئەوان مەیلیان هەیە سەیری ئەڵمانیای نازی بکەن

[7] . loyalty

[8] . Labour پارتی کرێکاران کە بنکەکەی لە بەریتانیادایە.

[9] . horizontal comradeship

[10] . xenophobic attacks

و ســـەیری پاکتاوی نەتەوەیی لە یوگۆســـلاڤیای پێشـــوو بکەن. ناســـیۆنالیزم ئەم شـــتە ناشیرینانەیە. بەڵام چاو لە دەستکەوتەکان و وەفاداری و دڵسۆزییەکان ناکەن.

**ئەلیاسی: بۆچی ناسیۆنالیزم ئەوەندە سەرکەوتوو بووە؟**

**کاڵهۆن**: ناسیۆنالیزم بە تایبەتی ئایدۆلۆژیایەکە کە زۆر پەیوەستە بە دەوڵەتی نەتەوەییەوە و یارمەتیدەرە بۆ وەڵامدانەوەی پرســیارگەلێک کە وەڵامی دەوێت. ناســیۆنالیزم لەســەر ئەم پرســیارانە دەڕوات: کێ لە ناوەوەیە، کێ دەتوانێت دەنگ بدات، کێ دەتوانێت پاســپۆرت وەربگرێت و کێ ئەندامە [لەو کۆمەڵگەیەدا]؟ ســەرهەڵدانی دەوڵەت پەیوەســت بوو بەم پرسیارەوە. سەرهەڵدانی دەوڵەت جۆرێک لە پۆتانسێلی دروست کرد و ناسیۆنالیزمی بەهێزتر کرد. ئایدۆلۆژیاکانی تری وەک ئایینیش ســەرنجڕاکێشــن. تەنانەت بینێدکت ئەندەرســۆن، ناســیۆنالیزم لەگەڵ ئایین و خزمایەتی بەراورد دەکات تا لەگەڵ ئایدۆلۆژیاکانی دیکەی وەک لیبڕالیزم و سۆسیالیزم. ئێمە سەرهەڵدانی ئایدۆلۆژیا ئایینییەکانمان وەک ئوممەی ئیسلامی بینیوە کە زۆر جار بە ڕاشــکاوی ســەروونەتەوەیین[11]. ئوممە لە دژی دابەشــبوون لە لایەن ناســنامە نەتەوەییەکانەوە دامەزراوە. چاوەڕوان دەکرێت موســڵمانان جەخت لەســەر یەکگرتوویی خۆیان لەگەڵ موسڵمانانی دیکە بکەنەوە. کڵێســەی کاتۆلیکیش بەو شێوەیە. کەواتە ئایین بەراوردێکی گرنگە لەگەڵ ناســیۆنالیزم. بەڵام بە بۆچوونی من ناوەندێتیی دەوڵەتەکان بۆ شــێوازی ڕێکخســتنی ســیســتەمی جیهانی مۆدێرن، جۆرێک لە خواســتی وەڵامدانەوەی ئەوەیە کە کێ بە شــێوەیەکی ڕەوا بەشــێکە لە دەوڵەت، چ کەســانێک خەڵکی ئەو دەوڵەتەن؟ هەر بۆیە پێشتر باسی دیموکراسیم کرد. ناسیۆنالیزم لە ڕاستیدا بە هەوڵدان بۆ هەبوونی ســەروەریی جەماوەر[12] لە دەوڵەتێکدا بەهێزتر دەبێت. ناســیۆنالیزم هەمیشــە ئایدۆلۆژیایەکی نێودەوڵەتییە و تەنیا پرسی یەک دەوڵەتی نەتەوەیی نییە و هەمیشـــە لە جیاکاری لە نێوان "ئەوان" و "ئێمە"دا گەشـــە دەکات. کەس تەنها بە بیرکردنەوە لە "ئێمە" نابێتە نەتەوەیی بەبێ ئەوەی بیر لە "ئەوان" بکاتەوە یان دژایەتی "ئەوان" بکات. بۆ نموونە ئەوروپا لە پرۆســـەیەکدا دەبێتە نەتەوەیی کە جیاوازی و دژایەتی بەرهەم دەهێنێت و دەتوانێت بزووتنەوەی سەرووسنووری بۆ دیموکراسی دروست بکات. زۆر جار ئەم بیرۆکەیە

[11] . transnational

[12] . popular sovereignty

ناسیۆنالیستی نییە، بەڵکوو ئەوە بیرۆکەی نەتەوەیە کە گرینگە. ئەوە کلیلی تێگەیشتنمانە لە ناسـیۆنالیزم. ناسـیۆنالیزم وەک ئایدۆلۆژیایەکی سـیاسی جەخت لەسـەر نەتەوە دەکاتەوە. وێنـاکراو[13] دژایەتی لەگەڵ واقیع[14] نییە. بیرۆکەی نەتەوە ئەوەیە کە پێکەوە کار بکەین و هیچ شتێک لە یەکتر جیامان نەکاتەوە.

**ئەلیاسی: ئایا بیرۆکەی نەتەوە گوزارشت لە نەبوونی ناسنامە ناکات؟**

**کاڵهۆن**: بەڵێ، بە دڵنیاییەوە. من پێم وایە نەتەوە ڕاسـتییەکی پێش-بوون[15] و پێشـوەختە نییە. ئەوە نییە کە پێشـتر هەبووبێت. هەموو نەتەوەکان لە ڕێگەی پەیوەندیکردن و توانای پەیوەسـتبوونەوە نەشـونما دەکەن. ئەگەر ڕێگاوبانتـان نەبێـت، نـاتوانن هەموو وڵات بەیەکەوە ببەستنەوە کە لە بەرامبەردا دەتوانێت هەستی یەکانگیریی نەتەوەیی کەم بکاتەوە. ئەوە کە تـا چەنـد یەکگرتوویی بوونی هەیە یـان بەرهەم دێـت، لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر جیاوازە. نەتەوەکان زیاتر لە لایەن دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکانی وەک قوتابخـانە و میدیا و پەیوەندی و گواسـتنەوە و ژێرخانەکان و هەمووی ئەو شـتانەی کە پەیوەندی دروسـت دەکەن، بەرهەم دەهێنرێن. ئەمە دەتوانێـت کەم ببێتەوە و دواتر یەکگرتنی ئەوروپی بە دەسـت بهێنیت. خەڵکێکی زۆر وا گریمانە دەکەن کە نەتەوەکان دوای یەکگرتنی ئەوروپی بە شـێوەیەکی خۆبەخۆ لە بەین دەچن، بەڵام پێم وا نییە کە هیچ بەڵگەیەک بۆ ئەوە هەبێت. لە ڕاستیدا لە پێنج ساڵی ڕابردوودا و دوای قەیرانی دارایی، پێچەوانەکەی ڕووی داوە. لە زۆر ڕووەوە ئەوروپا زیاتر ناسـیۆنالیسـت بووە. بەڵام نابێت وا بیر بکەینەوە کە ناسـیۆنالیزم تەنیا ئایدۆلۆژیایەکی سیاسیی ڕاسـتڕەوی دابڕاوە لە میللەت. لە جیهانی سێیەمدا خەڵک هەوڵیان دەدا جیاوازی دابنێن لەوەی کە بڵێن من ناسیۆنالیست نیم بەڵام باوەڕم بە ڕزگاریی نەتەوەیی هەیە. بەڵام من دەڵێم ناسـیۆنالیزم هەمووی لەسـەر ئەو ڕزگارییەیە. ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاسـت نموونەیەکی زۆر سـەرنجڕاکێشـە. لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاسـتی عەرەبیدا ئەو پرسـیارەت هەیە کە میللەت چییە؟ ئایا عەرەبە؟ ناسـیۆنالیزمی پان-عەرەبییە؟ لە ماوەی سـەدەی بیسـتەمدا ناسـیۆنالیزمێکی پان-عەرەبی زۆر بەهێزت هەبوو وەک جەمال عەبدولناسر (١٩١٨-١٩٧٠).

13 . Imagined

14 . real

15 . pre-existing fact

میراتەکەی لەنێو ڕژێمەکانی بەعس لە عێراق و سووریا بوونی هەبووە. ناسیۆنالیزم عادەتەن خەریکی نوێبوونەوەیە. لەم بارەیەوە، بەڵگاندنی سەرنجڕاکێش هەیە. هەندێک کەس دەڵێن نەتەوە هەمیشە بووە و بەشێکە لە ئەتنیسیتەی ڕابردوو (ئەنتۆنی سمیت). بەردەوامی هەیە بەڵام هەندێک گۆڕانکارییش هەیە. گریمانە دەکرێت کە نەتەوە کۆنەکان بگۆڕدرێن بۆ ناسنامەی نەتەوەییی مۆدێرن (ئەنتۆنی سمیت) لەکاتێکدا کەسانی دیکەی وەک هۆبسباوم و ڕەنجەر پێیان وایە کە هەمووی پەیوەندیی بە نەریتە داهێنراوەکانەوە هەیە و نیشانی دەدەن کە ئەم نەریتانە لە سەردەمی کۆنەوە نین بەڵکوو تەنها لە سەد ساڵ لەمەوبەرەوە داهێنراون. تەنها لەبەر ئەوەی ئەم نەریتانە لە سەد ساڵ لەمەوبەرەوە هاتوون، نەتەوە و نەریتەکان وەک ڕاستەقینە سەیر ناکرێن. بەڵام لێرەدا هۆبسباوم و ڕەنجەر ئەو خاڵە لە بەرچاو ناگرن کە ئەوەی باسی دەکەن پرۆسەی گونجاندنە لەگەڵ ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی بە قەبارەیەکی گەورەتر و ژیانی مۆدێرنەوە (گێلنەر). نەتەوە [لێکەوتەی] گۆڕانکارییەکە و بە تەواوی نوێ نییە، چونکە ڕەگوڕیشەی پێشوویان هەیە و سمیت لەم ڕووەوە دروستی بۆ دەچێت. بەڵام نەتەوەیش تا ئاستێک نوێیە و نوێبوون، بیرۆکەی نەتەوە بێئیعتبار ناکات. هۆبسباوم پێی وایە ئەگەر تەنها بتوانێت خەڵک بەو قەناعەتە بگەیەنێت کە نەتەوەکان دەستکردن و جۆرێکن لە هۆشیاریی درۆیین، ئەوا نەتەوە ئیتر گرنگیی نەدەما و لە بەین دەچوو چونکە ئەو کاتە تۆ لە ڕێگەی خوێندنەوەدەرمانی[16]، هۆشیارییە درۆیینەکەت سەبارەت بەو بیرۆکەیەی کە نەتەوە داهێنراوە چارەسەر کردووە. ئەم قسەیەی هۆبسباوم قسەیەکی بێسەروبەرە. بیرۆکەکانی یەکانگیری دەتوانن هەڵکشان و داکشانیان هەبێت و لە درێژاییی زەماندا گۆڕانیان بەسەردا بێت. من باوەڕم بە بیرۆکەی هۆشیاریی ڕاستەقینە یان دروست بەرامبەر بە هۆشیارییەکی ساختە نییە. من باوەڕم وایە کە تێگەیشتنگەلێک هەیە کە ئێمە چۆن چاکتر یان خراپتر دەبین و دەرەنجامەکانیان چین. بۆ نموونە دەتوانیت بە ناسیۆنالیستە سکۆتلەندییەکان بڵێیت کە پارتی نەتەوەییی سکۆتلەندا شیکاریی ئابووریی خراپی هەیە و بۆیە نابێت باوەڕیان پێیان هەبێت یاخود دەنگ بە سەربەخۆیی بدەن و لە ئینگلیز جیا ببنەوە. بەڵام دەست پێ مەکەن بە سکۆتلەندییەکان بڵێن ئێوە ناسیۆنالیستی ڕاستەقینەن. هێرش مەکەنە سەر ناسیۆنالیزم، هێرش بکەنە سەر سیاسەتی ئابووری و وەڵام بدەنەوە بە ئەوەی چی دەتوانێت بۆ نەتەوەی سکۆتلەندا باش بێت! بۆیە پێم وایە بەشێکی

[16] . reading therapy

زۆری باسی ناسیۆنالیزم، بیرۆکەی بێسوودی جیاکاریی وەک ئەم بیرۆکەیە دروست دەکات کە دەتوانیت بە نیشاندانی ئەوەی کە نەتەوە لە ڕووی مێژووییەوە نوێیە لە شەڕی نەتەوە ڕزگاری پەیدا بکەیت. ئەمە هیچ کاریگەرییەکی نییە.

بە بۆچوونی من بۆ هەموو نەتەوەیەک، ئەوەی پێشتر و لە مێژوودا هەبووە لە بنیاتنانی نەتەوەدا گرنگە. چین لە ڕاستیدا پێش کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم نەتەوە نەبوو. بەڵام بە دڵنیاییەوە زمان و کولتوورێکی چینی هەبوو و کۆمەڵەگۆڕانکارییەکی نوێ لە ساڵانی ١٨٩٠ تا ١٩١٠ هاتنە ئاراوە کە شێوازی بیرکردنەوەی خەڵکیان لەبارەی چینایەتیبوونەوە و خەیاڵی کۆمەڵایەتی سەبارەت بە کۆمەڵگەی چینایەتیبوون گۆڕی. سەرهەڵدانی خەیاڵێکی ناسیۆنالیستی، لەگەڵ ڕزگاربوون لە ئیمپراتۆرەکان و هەروەها ڕزگاربوون لە ئەندێشەی کۆن دەربارەی چینایەتیبوونەوە دەستەویەخەیە. ئەوە نەک هەر ڕاستڕەوەکان بەڵکوو چەپەکانیش بوون کە دژایەتیی ئیمپراتۆرەکانیان دەکرد و ویستیان لە ڕێگەی نەتەوەییبوونەوە بە شێوازێکی نوێ مۆدێرن ببنەوە. هەندێک لە کۆمۆنیستەکان لە چین سڕینەوەی جیاوازیی چینایەتی لە پێشەنگ دادەنێن، بەڵام ئەوان ناسیۆنالیستی کۆمۆنیستن، چونکە هێشتا سەرنجیان لەسەر [کۆمەڵگەی] چینە. هەندێکی تریش دەڵێن ئەمە تەنها بەهێزکردنی نەتەوەیە. هەم چەپ و هەم ڕاست لە چین ناسیۆنالیست بوون، چونکە بەهێزکردنی نەتەوەیان وەک ئامانجی سەرەکیی خۆیان دادەنا.

**ئەلیاسی: بە باوەڕی تۆ ئایا ناسیۆنالیزم پابەرجایە؟**

**کاڵهۆن**: ناسیۆنالیزم بەشێکە لە جیهان. پێم وا نییە کە بۆ هەمیشە بمێنێتەوە. هیچ شتێک لە ژیانی مرۆڤدا هەرمان نییە. لەگەڵ سەرهەڵدانی سیستەمی دەوڵەتی مۆدێرن و سیستەمی سەرمایەداری، نەتەوە و دەوڵەتەکان پەیوەندییان بەیەکەوە هەیە و ئاسان نییە تەنها بڵێین بیرۆکەی نەتەوە وەلا نێن و باقیی ئەم ڕێکخستنەی جیهان بهێڵنەوە. ئەگەر هەندێک شێوازی تەواو جیاوازی ڕێکخستن هەبوایە، ئەوا ڕەنگە بگۆڕێت بەڵام من ئەو گۆڕانە نابینم ڕوو بدات. لە هەندێک شوێن جۆرێک لە گەڕانەوەی ئەندێشەی ئیمپراتۆری دەبینم.

**ئەلیاسی: بیر لە ڕووسیا دەکەیتەوە؟**

**کاڵهۆن**: بەڵێ، من بۆ نموونە بیر لە ڕووســـیا دەکەمەوە. کەواتە پێکدادان و گرژییەک لە نێوان ناســـیۆنالیزمێکی بەهێزی ڕووسی و بیرۆکەیەکی ئیمپراتۆریی تر بۆ بنیاتنانەوەی جیهان هەیە. بەڵام ئەوە دژایەتییەکی تەواو نییە چونکە ئەگەر بیر لە ســـەرهەڵدانی ناســـیۆنالیزمی بەریتانیا بکەیتەوە، ئەوە لە هەمان کاتدا لەگەڵ ئیمپراتۆرییەتەکەیدا ڕووی داوە.

**ئەلیاسی: مشتومڕەکانی هاوچەرخەکان سەبارەت بە پاش-ناسیۆنالیزم[17] چۆن دەبینیت؟**

**کاڵهۆن**: وەشـــانی[18] کورتی وەڵامی من بۆ ئەم باســـە ئەوەیە کە دژایەتییەکی درۆیینە لەگەڵ نـاســـیۆنـالیزم هەیە و ئەمە دۆخێکی مەترســـیدارە کە خەڵـک خەیـاڵی ئەوە دەکەن کە ناســـیۆنالیزم لەنێو دەچێت و هەمووومان دەبینە جیهانوەتەن (و لێم مەپرســـن ئەمە یانی چی؟). ئایا مەبەســـتیان یەک جیهانە، یان یەک حکوومەت یان مەبەســـتیان کولتوورەکانە وەک تێکەڵاوێک لە هەموو جیهاندا؟ هەندێک جیهانوەتەنخواز هەن وەک چالاکوانانی مافی مرۆڤ و یان کەســـانێک کە گوێ لە مۆســـیقای جیهانیی دەگرن و بە چەندین زمان دەدوێـن (هەرچەنـدە کەمترن لەوەی چـاوەڕێی دەکەیـن). پـێم وایە خەیـاڵی خـاوە و ئارەزووئەندێشـــەییە کە بڵێین ناســـیۆنالیزم لە بەین دەچێت و ئێمە دەبین بە هاووڵاتیی جیهانی. بەڵام ئایا دەتوانیت وەک هاووڵاتییەکی جیهانی پاســـپۆرت وەربگریت؟ فۆرمەکانی تایبەتتری پێوەندارێتی[19] هێشـــتا گرنگن. کەوایە نابێت پاش-ناســـیۆنالیزم، بە توندی لە بەرامبەر ناسیۆنالیزمدا دابنرێت؛ واتە ئێمە لە ناسیۆنالیزمەوە دەڕۆین بۆ پاش-ناسیۆنالیزم و لە پاش-ناســـیۆنالیزمەوە تێدەپەڕین بۆ جیهانوەتەنخوازی. بیرۆکەی جیهانوەتەنخوازی لەسەر ئەو بیرۆکەیە دامەزراوە کە پێشتر شوناسی کولتووری دواکەوتوومان هەبووە و ئێستا خۆمان لەوە ڕزگار دەکەین و لە جیهانێکی کۆســـمۆپۆلیتی مەنتقیتر و عەقڵانیتردا بەشـــداری دەکەین. پێم وایە بزووتنەوەکە لە فۆرمێکی بیرۆکەی کولتوورییەوە بۆ فۆرمێکی کولتووریی دیکەیە. جیهانوەتەنخوازەکان گرنگی بە پاشـــخانی چینایەتیی خۆیان نادەن. نەتەوەکان دەتوانن زیاتر جیهانوەتەن بن، وەک بۆ نموونە لە لەخۆگرتنی کۆچبەران باشتر بن. هەندێک

17 . post-nationalism

18 . version

19 . belonging

نەتەوە لەم بارەوە خەریکن باشـــتر دەبن. ئەڵمانیا وڵاتێک بوو کە لە لەخۆگرتنی کۆچبەران زۆر خراپ بوو و ئێســتا کەم تا زۆر بۆ داهاتووی ئابووری خۆی بڕیاری داوە کە پێویســتە لە لەخۆگرتنی غەیرە ئەڵمانییەکاندا باشـــتر بێت، بەشـــێوەیەک وابزانن ئەلمانیا ماڵی خۆیانە. ئەڵمانیا درک بەوە دەکات یەکەم: پێویســـتی بە ئەندازیار هەیە بە هەموو جۆرەکانیەوە، دووەم: پێویسـتی بە کرێکار هەیە، سـێیەم: دانیشـتووانێکی بەسـاڵاچووی هەیە کە کێشـە بۆ ئابووریی ئەڵمانیا دروسـت دەکات. بەڵام کێشـەکە لەوەدایە کە ئەڵمانیبوون ئایدۆلۆژیایەکی تـا ڕادەیەک نـالێبوردە[20] بووە. پێشـــتر ئەڵمـانییەکـان وەک ئیمـانوێـل کـانـت بـاسی جیهانوەتەنخوازییان دەکرد و دواتر ئایدۆلۆژیایەکیان گرتە بەر کە لەسەر بنەمای باڵادەستی و ســـەرتری ڕەگەزی دامەزرابوو. جیهانوەتەنخوازی و ناســـیۆنالیزم هەموویان لە ئەڵمانیا بوونیان هەبوو. پێم وایە کاتێک مرۆڤەکان دەبنە جیهانوەتەنخواز، ناسیۆنالیزم بەشێکە لەو پێناسـەیە، چونکە ئیتر نە جیهانوەتەنخوازی و نە ناسـیۆنالیزم، ئەوە نییە کە دەسـتبەرداری هەموو شـــتە نەتەوەییەکان بیت و ببیتە جیهانوەتەن. پێویســـتە زیاتر بیر لە وڵاتەکەت بکەیتەوە، وەک لەخـۆگـرتنی جیـاوازی و فرەکولـتوورخـوازی لەوێـدا و دروســـتکردنی پەیوەندییەکی باش لە نێوان وڵاتەکەت و وڵاتانی دیکەی جیهاندا.

**ئەلیاسی: چۆن لە بێدەوڵەتی و ناسیۆنالیزم دەڕوانیت؟**

**کاڵهۆن**: دەتوانیت بە دوو شـێوە باس لەمە بکەیت. ئەندامێتیی نەتەوەیی کاریگەریی لە ئازار و ڕەنجی گەلانی بێدەوڵەتدا هەیە. هانا ئارێنت دەڵێت بێدەوڵەتی تراژیدیای گەورەی جیهانی مۆدێرنە. ڕێگەچارە چییە؟ هەڵوەشـاندنەوەی ناســیۆنالیزم یان بەدەســتهێنانی ئەندامێتیی دەوڵەت بۆ خەڵکانی بێدەوڵەت؟ ئەمەش بەردەوام بەسەر پەنابەراندا ڕوو دەدات. من دەڵێم دەوڵەت-نەتەوە هێشتا دەسەڵاتێکی زۆری هەیە و ئەمەیش پیشانی دەدات کە بێدەوڵەتبوون چەندە کێشەدارە، تا چەند کۆچی زۆرەملێ ئیعتبار لە خەڵک دەسەنێتەوە. تۆ دوکتۆر بوویت و لە کۆتـاییدا چونکە خـاوەنی دەوڵەت-نەتەوە نەبوویت بوویتە پاککەرەوە یان شـــۆفێری تاکسی— پێم وایە کە ناســیۆنالیزم دەتوانێت لەم ڕووەوە باش یان خراپ بێت. ڕێگەچارە بۆ دەوڵەتەکان ئەوە نییە کە زیاتر ناسیۆنالیستی بن بەڵکوو گۆڕینی توانای وڵاتانە بۆ لەخۆگرتن

---

[20]. intolerant

و دانپێدانانی کۆچبەران. یەکەم: پێم وا نییە کە هەڵوەشاندنەوەی ناسنامەی نەتەوەیی ئەم کێشەیە چارەسەر بکات، مەحاڵە و پێم وایە بەم شێوە مەبەستەکەت نەپێکاوە. دووەم: پێویستە نەتەوە بگۆڕین بۆ کۆمەڵگەیەکی کراوەتر و پەزێراتر. من سەبارەت بە بیرۆکەی "لەودیوی ناسنامە[21]" لەگەڵ بروبەیکەر و کوپەردا هاوڕا نیم. ئەمەش جیهانوەتەنەکانم بیر دەخاتەوە کە پێیان وایە ناسنامە بۆ پێوەندارێتییە کۆنەکان دەگونجێت نەک ئەو شتە نوێیانەی کە ئێمە وەریاندەگرین.

**ئەلیاسی: ڕێناتۆ ڕۆسالدۆ لە کتێبەکەیدا *کولتوور و حەقیقەت: سازاندنەوەی شیکاری کۆمەڵایەتی*[22] (١٩٩٣) باس لە پەیوەندیی نێوان هاووڵاتیبوون، کولتوور و دەسەڵات دەکات و لەوە دەکۆڵێتەوە کە چۆن گرووپە سەردەستەکان زۆر جار خۆیان لە ناونانی کولتووری/قەومی دەپارێزن و ناسنامەی پاش-قەومی یان پاش-کولتووری وەردەگرن.**

**کاڵهۆن**: گرووپێک هەن ئەو ئیدیعایە دەکەن. پێم وایە نابێت پێناسەکانیان قەبووڵ بکەین کە ئەوان کولتووری نین یان بانگەشەی ئەوە دەکەن کە قەومی نین بەڵام ڕواڵەتیان زۆر سپیپێست دەردەکەوێ، هەموویان بە ئینگلیزی قسە دەکەن و ئەوە نییە کە چین و کولتوور و نەتەوە و ڕەگەز نەبێت بەڵکوو ئیدیعای ئەوانە کە ئەو شتانە نییە. دەبێت لە شیکردنەوەی ئیدیعاکانیان و وەسفکردنی ئایدۆلۆژیاکانیان وریا بین. ڕاستە گرووپێک هەن پێیان وایە چین و ڕەگەز و نەتەوەیان تێپەڕاندووە بەڵام ئەمە ئایدۆلۆژیایەکە چونکە لە شێوازە نوێیەکانی تایبەتمەندبوونیان ئاگادار نین. ناسنامەیەکی کولتووریبان هەیە و تا ئێستا کەس لە کولتوورەکان تێنەپەڕیوە. پێم وایە هەندێک کەس وا بیر دەکەنەوە کە توانیویانە کولتوور تێپەڕینن، بەڵام ئەمە زیاتر بە گۆڕانی کولتوورییەوە پەیوەندیی هەیە و هەندێک کەس دەتوانن کەمتر گرنگی بە نەتەوە بدەن. ئەوە ڕاستە؛ دەتوانیت ببیتە ئەفسەری هاوکارییەکی فرەنەتەوەیی و بە ڕاستی فرەنەتەوەیی کار بکەیت. ئەو کەسایەتییە نوخبەیەی کۆمپانیاکان کە بە جیهاندا دەگەڕێت و بە سێ زمان قسە دەکات و جیهانوەتەنە هێشتا ناسنامەیەکی کولتووری و ناسنامەیەکی چینایەتیی هەیە و ڕەنگە پاسپۆرتی وڵاتێکی هەبێت کە ئاسانکاری بۆ ئەم کەسە دەکات سنوورەکان ببڕێت. کەواتە ئەو کەسە بێدەوڵەت نییە لەبەر ئەوەی

[21] beyond identity

[22] . *Culture & Truth: The Remaking of Social Analysis*

توانای سەفەرکردنی لەسەر بنەمای بێدەوڵەتییەکەی نییە بەڵکوو چونکە خەڵکی دەوڵەتێکە بە پاسپۆرتی موعتەبەرەوە. ئەگەر پاسپۆرتی سوودانیت هەبێت لە هەموو سنوورێکدا کێشەت بۆ دروست دەبێت. لەم بارەوە ناهاوسەنگی[23] و نایەکسانییەکی زۆر هەیە. هەر بەم شێوەیە: کە ئەندامانی گرووپە باندەستەکان بە هەڵە لە تایبەتمەندییەکانیان تێدەگەن و بە هەڵە دەیناسن. ئەو کەسانەی کە ژێردەستەن، ئاگاداری ئەمەن، چونکە ڕۆژانە ڕووبەڕووی ئەم نایەکسانییانە دەبنەوە. بەڵام ئەوانەی باندەستن توانای لەبیرکردنی ئەو نابەرابەرییەیان هەیە چونکە ژێردەستەکان بۆ ئەوان کار دەکەن. فۆرمێکی تایبەت و گرینگە لە ئیمتیازات. ئەگەر ئۆتۆمبێلت هەبێت، بیر لەو کەسانە ناکەیتەوە کە ئۆتۆمبێلیان نییە. هەمیشە لەبیرکردنی جیاوازییەکان لەلایەن خاوەن ئیمتیازەکانەوە هەیە.

**ئەلیاسی: لە ئۆکسفۆرد چاوپێکەوتنم لەگەڵ پەنابەرێکی کورد کرد کە لە سووریاوە هاتبوو، وتی ڕۆژانە بیر لە کوردستان و ناسنامەی کورد و بێدەوڵەتی دەکەمەوە. چۆن لەم دۆخە دەڕوانیت؟**

**کالهۆن**: ئەمە ئەو شتەیە کە من هەوڵ دەدەم باسی بکەم؛ کاتێک دەڵێم ناسیۆنالیزم هەندێک جار دەتوانێت باش بێت وەک چۆن بینێدکت ئەندەرسۆنیش ئاماژەی پێ دەکات. دووەم: ناسیۆنالیزم تەنها هەڵەیەکی فیکری نییە کە پێم وایە هەڵوێستی هۆبسباوم لەسەر ئەمەیە و ناسیۆنالیزم بە هەڵەیەکی فیکری دەزانێت، هەروەک ئەگەر بە ڕاستی مارکس بخوێنیتەوە دەزانیت کە پێویستە ناسنامەیەکی چینایەتیت هەبێت نەک ناسنامەیەکی نەتەوەیی. من دەڵێم نەخێر، مرۆڤی کورد بە دروستی تێدەگات و نەک هەر هەستیارییە بەڵکوو بیری دەخرێتەوە کە پێویستە کار بۆ نەتەوەکەی بکات و ئەمە گرنگە.

**ئەلیاسی: یەکێک لەو چرکەساتە ئازاردەرانەی بۆ ئەو کوردانە کە لە سوید و بەریتانیا چاوپێکەوتنم لەگەڵدا کردوون، پەیوەندیی بەو پرسیارەوە هەیە کە: خەڵکی کوێیت؟ بۆ زۆرێک لەوانە بڵێن کە هاووڵاتیی سویدین یان بەریتانیایین، بەس نییە وەک وەڵامێک بۆ پرسیاری خەڵک سەبارەت بە پێوەندارێتییان. جگە لەوەش زۆرێک لەو کوردانە دەیانەوێت بڵێن خەڵکی کوردستانن. ئەوان دەیانەوێت ناسنامەیەکی کوردستانی**

[23] . asymmetry

**وەربگرن. هەندێک لە هاوولاتییە باندەستەکانی تورکیا و ئێران و عێراق و سووریا کێبڕکێ لەسەر بوونی کوردستان دەکەن و بە کۆچبەرە کوردەکان دەڵێن ئەگەر بە ڕاستی کوردستان بوونی هەیە لەسەر نەخشە نیشانی بدەن.**

**کاڵهۆن**: بەڵێ، بە ڕاستی خەڵکی کوێیت؟ بە ڕاستی دایک و باوکت خەڵکی کوێن؟ ئارەزوو و خواستی نەتەوە بەو مانایە لە هەر یەکێک لەو وڵاتانەدا کە ژمارەیەکی زۆر کوردیان تێدایە، تەواو مەنتقییە. کورد کۆنترۆڵی سیاسی بەسەر وڵاتەکەیدا نییە و بە تەواوی بەشداری و یەکگرتوویی نییە و شانسی. ئابووریی یەکسانی لەو دەوڵەتانەدا نییە. ئێستا لە عێراق هەوڵی بەدەستهێنانی ئەو مافانە دەدەن. کوردستان وەک کولێرەیەکی گەنمەشامی[24] وایە کە ئێران بەشێک لەو کولێرە دەبات، عێراق و سووریا و تورکیا هەریەکەو بەشێکی دەبەن. کەواتە لە هەر یەکێک لەو وڵاتانە کەسێکی تر یان ئایدۆلۆژیایەک باڵادەستە و زۆرێکیان ئایدۆلۆژیای باڵادەستی نەتەوە و بنیاتنانی نەتەوەییان هەبووە. بۆ نموونە مستەفا کەماڵ ئەتاتورک تورکایەتیی مۆدێرنی دروست کرد و کورد وەکوو کێشە بۆ ئەو پرۆژەیە سەیر دەکرا. کەم تا زۆر هەمان شت لەگەڵ بەعسییەکان لە عێراق و سووریادا ڕووی دا کە ڕژێمی ناسیۆنالیستی مۆدێرنیان ساز کرد. ئەگەر هەڵاواردنێک بەرامبەر کورد نەبووایە، ئەگەر بە ڕاستی بیرۆکەی نەتەوەیی، یەکسانیی هەمووانی لە خۆ بگرتبا، ئەوا هاندەرێکی کەمتر بۆ تەرکیزکردن لەسەر ناسنامەی کورد لە ئارادا دەبوو و ڕەنگە هەر وەکوو پرسێک بووایە و دەتوانیت بڵێیت کە پرسێکی تەواو کولتووری دەبوو. بەڵام ئێستا هەمیشە و لە هەموو حاڵەتێکدا هەم کولتووری و هەم ماددییە چونکە وەرگرتنی زانکۆکان، چاپکردنی کتێب بە زمانی خۆت، دەرفەتی ئابووری و چۆنیەتیی مامەڵەی خەڵک لەگەڵ تۆ، لێکەوتەی ماددیی هەیە. ئەمانە بارودۆخی ماددین کە هۆبسباوم بە هەڵە ڕاڤەی دەکات و بە چەمکی چینایەتی بە باشی دەرکی پێ ناکرێت. ئەوانە بە ڕاستی گرنگن. ئەندێشەی ناسیۆنالیستی، ئەو بیرۆکەیە کە ئێمەی (کورد) پێویستمان بەوەیە کوردستانێکی سەربەخۆمان هەبێت، بە هەلومەرجی ماتریاڵی نایەکسانیی ڕاستەقینەی ژیان بەهێزتر دەبێت و ئەمە هەڵەیەکی فیکری نییە. ئەمە کێشەیە چونکە بنیاتنانی کوردستان سەختە. سەختە نەک هەر بەرامبەر هەر یەکێک لەم دەوڵەتانە کە

---

24 . کالهۆن لە دەقەکەدا وشەی pieدەکار دەکات، pie جۆرە شیرینی یا dishێکە (جا دەتوانێ میوە یا گۆشت یا کەیک بێت) تایبەت بەو فەرهەنگە . ئەمن بەپێی فەرهەنگی کوردی، لە وشەی کولێرەی گەنمەشامی کەڵکم وەرگرتووە کە لە حەسەنی قزڵجی قەرزم کردووە.

کورد تێیدا ژێردەســتە، بەڵکوو لەبەر ئەوەی کە کوردەکانی ئەم دەوڵەتانە بە تەواوی لەگەڵ یەکتردا ناگونجێن. پێکهێنانی کوردســتان، هەم پرۆژەی یەکخســتنی کوردە، هەم پرۆژەی جیاکردنەوەی کوردە لە ئەوانی دیکە. ئەمە تەقریبەن بۆ هەموو پرۆژەیەکی نیشــتمانی لە قۆنـاغە ئیجرایییەکانی بەراییدا ڕاســتە. پرۆژەیەکی نەتەوەیی دەبێت یەکیەتیی نەتەوەیی دروست بکات و هەروەها ئیدیعایەکی سەرکەوتوو بۆ سەربەخۆیی لە ئەوانی دیکەی هەبێت. ئەم پرۆژەیە دەتوانرێت بە شێوازی پێشکەوتنخوازانە بە هەندێک ئایدۆلۆژیا یان بە شێوازی زۆر پاشــکەوتووانە ئەنجام بدرێت. زۆرێک لە بزووتنەوە ناســیۆنالیســتییەکان لە باسی جێندەردا زۆر خراپن. ئەوان پەیوەندییە جێندەرییە پیاوســالارە زۆر نایەکســانەکان قەبووڵ دەکەن و تەنـانەت دەیـانخەنە نـاو بیرۆکەی نەتەوەییی خۆیـانەوە و دەڵێن: "ئەمە نەریتی ئێمەیە و دەبێت نەریتی خۆمان بپارێزین". بەڵام هەندێک بزووتنەوەی نەتەوەیی جیاوازن و دەڵێن بیرۆکەی نەتەوەییی مۆدێرن ئەوەیە کە ژنانیش بەشــێکن لە میللەت. ژنانیش دەبێ مافیان هەبێت. پەکەکە تا ڕادەیەک لەو بوارەدا ســەرکەوتوو بووە. ئەمەیش بۆ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەییی ئێریتریاش دەگونجێت. ئەم گرووپە ناسـیۆنالیسـتییانە زۆر جار زیاتر سۆسـیالیسـتین و سـەبارەت بە مافەکانی ژنان ئەندێشـەی گۆڕانخوازییان هەیە. زۆرێک لەناو پەکەکەدا ئەو بیرۆکەیەیـان هەیە کە شــۆڕش لە یەک کـاتـدا هەم کۆمەڵایەتییە و هەم نەتەوەیییە. پەکەکە بەمۆدێرنکردنی ژیانی کورد، پەیوەندییە جێندەرییەکانی ناو کۆمەڵگەی کوردیی وەک بەشێک لە بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی و نەتەوەییی خۆی چاو لێ کردووە.

**ئەلیاسی: ڕات لەسەر بیرۆکەی ناسیۆنالیزمی سەردەست و ژێردەست[25] چییە؟**

**کاڵهۆن**: پرسیارێکی گرینگت هێنا ئاراوە. ناسیۆنالیزمەکان لەم ڕووەوە جیاوازییان هەیە. واتە جیاوازی هەیە لە نێوان ناســیۆنالیزمی کوردی یان ناســیۆنالیزمی فەڵەســتینی کە بە دوای دەوڵەتدا دەگەڕێن و ئەو ناســیۆنالیزمانەی بەرگری لە دەوڵەت دەکەن، وەک ئەوەی ئێمە پێشــتر دەوڵەتمان هەیە و پێویســتە لە بەرامبەر کەســانی دەرەکیدا بەرگریی لێ بکەین. لە هەموو حاڵەتێکدا ناسـیۆنالیزمی سـەردەسـت و ژێردەسـت هەیە. تەنانەت لە فەرەنســا کە پێمان وایە حاڵەتی توندڕەوی فۆڕماســیۆنی نەتەوەیییە، خەڵکی شــاری بێرن بوون (شــوێنی

25 . dominating and dominated na-tionalism

لەدایکبوونی پییێر بۆردیۆ)، بە بەراورد لەگەڵ خەڵکی پاریس بوون و ســـەر بە نوخبەی ئەوێ بوون، وەشانێکی ناسیۆنالیزمی ژێردەستەیە. لە هەموو شـوێنێک ناسیۆنالیزمی سـەردەست و ژێردەســـت هەیە. ناســـیۆنالیزم بەپێی شـــوێنەکان و هەلومەرجەکان فۆرمی جیاواز بە خۆوە دەگرێت. ئەمە دەتوانێت تەواوی نەتەوە بێت لە پەیوەند لەگەڵ حاکمییەتێکی ئیسـتعماریدا یان لە ناوخۆی نەتەوەدا لە پەیوەند لەگەڵ ناســـنامەی نەتەوەییدا. کەواتە لە زۆربەی وڵاتاندا وەشانێکی باڵادەستیی ناسنامەی نەتەوەیی هەیە و ئەمەش یەکێکە لەو شتانەی کە هەمیشـــە لە کاتی باســـکردن لە ناســـیۆنالیزم دەرکی پێ ناکرێت. ئەو بیرۆکەیەی کە تەنیا واقیعێکی یەکگرتووی کولتووری و نەتەوەیی هەیە و هەمیشـــە گومڕاکەرە چونکە بەردەوام پرۆژەیەکی کەم و زۆر گشـــتگیر و لەخۆگرە و جۆرەکانی نایەکســـانی و فەرقوفرووقی ناوچەیی لەگەڵدایە. زۆر کەس بە توندی ناسیۆنالیستن بەڵام دەتوانن بڵێن ئەم ناوچەیە لەو ناوچەیە باشترە. ئەندێشەی نەتەوەیی دەبێت بە شێوەیەک نایەکسانییەکان بسڕێتەوە بەڵام هەمیشە ئەو کارە ناکات.

**ئەلیاسی: ئیتاڵیا نموونەیەکی باشە.**

**کاڵهۆن**: بەڵێ ئیتاڵیا نموونەیەکی زۆر باشـە. چینیش نموونەیەکی دیکەیە. بیرۆکەیەک هەیە کە چینای ناوەوە بە جۆرێک زیاتر چینایییە. لە لایەکەوە بیرۆکەیەک هەیە کە ئەگەر لە چیندا بیت ئەوا چینایی‌یت [بێ تەماشـاکردنی ناوەند و قەراغ]، لە لایەکی ترەوە ئەگەر خەڵکی ئەم ناوچەیە ناوەزێڵە (ناوەوەی چین) بیت، ئەوا زیاتر چینایی‌یت. ئەگەر خەڵکی ناســـنامەی نەتەوەیی "هان" بیت، زیاتر چینایی‌یت. ناســـنامەی هان وەک پێناســـەکردنی ناســـنامەی چینایی و چینایی‌بوون سەیر دەکرێت. بەڵام ژمارەیەک کەس هەن کە لە گرووپەکانی ترن لە چین و بە زمانی جیاواز قسە دەکەن. زمانی نڤیساری چینایی لە هەموو شوێنێک یەکشێوەیە بەڵام زمانی قســـەکردنی جیاواز لە بەشـــە جۆراوجۆرەکانی چین هەیە کە زۆر جار لە یەکتر تێناگەن. لە چین کاتێک دەچیتە کۆنفرانسی ــ ئەکادیمی زۆر جار چینییەکان دەبێت تێبینی یەکتر بگوازنەوە بۆ ئەوەی بۆ یەکتر ڕوونی بکەنەوە کە چی دەڵێن. بۆ نموونە یەکێکیان بە زمانی کانتۆنی قســـە دەکات و ئەویتریان بە زمانی ماندارین قســـە دەکات. بە تەواوی هەمان نووسـینە بەڵام زمانی قسـەکردن جیاوازە، ژمارەی تۆنەکانی جیاوازە. هەمان وشـە دەتوانێت بە زمانێک بە مانای دایک و بە زمانەکەی تریش بە مانای ئەسـپ بێت. مەسـەلەکە ئەوەیە

که هۆشــیارییەکی نەتەوەیی بەهێز لە چین هەیە و ئیدیعای چاینابیبوون دەکات بەڵام لە ناوخۆدا جیاوازیی هەیە. هەندێک لە خەڵکی چین زۆر جار بە شێوەیەکی بەهێز ئەو ئیدیعایە دەکەن. کەوایە دابەشــبوون بە ژێردەســتە و بـانـدەســـت هەر وەک چۆن لە نێوان ناسیۆنالیزمەکان و سوڵتە دەرەکییەکاندا هەیە، لە نێوان یەک نەتەوەشدا هەیە.

**ئەلیاسی: چەمکاندنی بێدەوڵەتی لە ســەدەی بیســتەم و بیســتویەکەمدا تا چ ڕادەیەک گۆڕانکارییان بەسەردا هاتووە؟ (بە دەسپێک لە هانا ئارێنتەوە).**

**کاڵهۆن**: زۆر. ئارێنت شــتە ســەرەکییەکانی خۆی ســەبارەت بە بێدەوڵەتی لە دەوروبەری ساڵانی جەنگی جیهانیی دووەم و لە پەیوەندیی لەگەڵ ئاوارەبوونی گەورەی پەنابەراندا وتووە. بیرۆکەی ئەو لە بێدەوڵەتی، زیاتر لەژێر باندۆری ئەزموونی جوولەکە و هەروەها ئەوانی دیکە فۆرمڕێژ بووە. ئەزموونی جوولەکەکان یەکێکە لە مێژووی دوورودرێژی ئـاســمیلەکردن و گواستنەوە و بێدەوڵەتی و خەسـاری لاوازی و هێرش. تایبەتمەندییەکی جیاوازی بێدەوڵەتیی هاوچەرخ، ئیدیعای ســەرزەوین و خاکە. ئارێنت بە تایبەتی زایۆنیســت نەبوو و پشــتیوانیی ئیسرـائیلی نەدەکرد. بۆ فەلەســتینییەکان، بۆ کورد و گەلانی دیکەی بێدەوڵەت، بیرۆکەیەکی ڕوون هەیە کە دەوڵەتەکانیان دەبێ لە کوێ بن. کێشــەکە لەوەدایە کە ئەم ســەرزەوینانە وەک دەوڵەتی خۆیان بە فەرمی نەناســێندراون. کورد ســەرزەوینی خۆی دەناســێت بەڵام خەڵکی تر بە فەرمی ناینـاسـن یان ناهێڵن سـەرزەوینی خۆیان هەبێت. لە سـاڵانی پەنجاکانەوە تا ئێســتا، جیهان زۆر زیاتر بە کۆمەڵێک پەیماننامەی نێودەوڵەتی و دانپێدانانی مافەکانی مرۆڤ، پرۆتۆکۆڵ و دەزگاکانی مامەڵەکردن، لەگەڵ بێدەوڵەتیدا هەڵسـوکەوتی کردووە. ئێمە وەڵامێکی ڕێکخراوترمـان هەیە بۆی. لەمـاوەی ٣٠ یـان ٤٠ ســـاڵی ڕابردوودا جیهـانێکی ســـەرمایەداریی دارایی و خێراتربووی جیهـانیبوون هـاتە ئاراوە و لەو جیهانەدا گەڕانەوە بۆ کۆچکردن لەگەڵ قۆنـاغی دوای جەنـگ کە ئـاســـتی کۆچکردن زۆر بەرز بووە، بەراورد دەکرێت. هەنـدێک گرووپی بێدەوڵەت توانییان ئەندامێتیی دەوڵەت بە دەســـت بهێنن و هەنـدێکیش نەیـانتوانی. کەواتە هەلومەرجێکی گشـــتی بۆ بێـدەوڵەتی نەبووە و هەموو دەوڵەتەکان هەوڵیان دەدا کەم تا زۆر ئیدیعای ناسیۆنالیزمی مافی لەدایکبوون (هاووڵاتینامە) بکەن. بەدەستهێنانی هاووڵاتینامەی فەرمی زیادی کردووە؛ هەرچەندە ئێستا ئەورووپا هەوڵی داخســتنی ســنوورەکانی دەدات. گۆڕانکاریی گەورە لە ســەردەمی هانا ئارێنتەوە ئەوەیە کە لە

ساڵی ٢٠٠٠ەوە زۆر زیاتر ئەگەری ئەوە هەیە کە هاووڵاتینامەی فەرمی بە دەست بهێنرێت، بۆیە سـویـد نموونەیەکی کلاسـیکە لەم ڕووەوە. ئایا بە وەرگرتنی هاووڵاتینامەی فەرمیی سـویدی دەبیتە سـویدی؟ مانای دوولایەنەی هەیە. بەڵێ دەتوانیت بچیتە قوتابخانەی سویدی و بە سویدی قسە بکەیت و پاسپۆرتی سویدیت هەبێت، بەڵام وەک سویدییەکی ڕاستەقینە سەیر ناکرێیت چونکە سویدیی ڕاستەقینە بە واتای ئیتنۆ-ناسیۆنالیست دێت. زۆرێک لە خەڵکی بێدەوڵەتی هاوچەرخ لە ڕووی ناسنامەیەکی نەتەوەییەوە بێدەوڵەتن بەڵام لە ڕاستیدا خاوەنی دۆخی دەوڵەتین. زۆرینەی فەلەستینییەکان توانای وەرگرتنی پاسپۆرتیان لە ئەمریکا یان ئەوروپا هەیە، بەڵام هەندێکیان لە فۆڕمی ئەوپەڕی بێدەوڵەتیدان و لە کەمپی پەنابەراندا دەژین و بەڵگەنامەی کۆمیسـاریای باڵای پەنابەرانی ڕێکخراوەی نەتەوە یەکگرتووەکانیان[26] هەیە. بۆیە پێم وایە ئەو بێدەوڵەتییە بەو مانایە ئاڵۆزتر بووە. خەڵکی بێدەوڵەت دەتوانن لە دەوڵەتێکدا هاووڵاتی بن بەڵام ئەو هاووڵاتینامەیەیان لێ بسەنرێتەوە. ئەمە هەر ئەو شـتەیە کە هانا ئارێنت لە کارەکانیدا دەیڵێت. جوولەکەکان لە کۆمەڵگەی ئەڵمانیادا ئاسمیلە کران و کاتێک نازییەکان هاتن، بە جوولەکەکان گوترا کە ئیتر ئەڵمانی نین و هاووڵاتینامەی ئەڵمانییان لێ سـەندەوە. ئارێنت دەڵێت کە ئەمە دەتوانێت دووبارە ببێتەوە. پێم وایە کە هەمیشـە نائەمنییەت هەیە بەڵام تەنها ئەوە نییە. ئەوەی دەمەوێت بیڵێم دوو هەسـتی بێدەوڵەتی هەیە، ئەویش حاڵەتی توندی فەلەسـتینییەکانی دانیشـتووی لوبنانە کە بەڵگەنامەی سـەفەریان نییە، هەروەها حاڵەتی خەڵکی دیاسـپۆرایش هەیە کە ڕەنگە لە هەر وڵاتێکدا بووبێتن هەسـتیان بە نائەمنییەتی هەمیشـەیی کردبێت تەنانەت ئەگەر هاووڵاتینامە و مافی خۆشبژێویی کۆمەڵایەتی و پەروەردە و ئەوانی تریشیان پێ درابێت. هەستی بێدەوڵەتی لە بەین ناچێت و ڕەنگە چەندین نەوە بخایەنێت تا کاڵ ببێتەوە. دیاردەی ڕۆماکان لەبارەی بێدەوڵەتییەوەیە بەڵام هەروەها ڕوانگەیەکی بێڕێزیکردن بە ڕۆماکان هەیە کە ڕۆما گەلێکی خراپە.

**ئەلیاسی: بەشـێک لەو کوردانەی وتووێژم لەگەڵ کردوون، ڕۆماکان وەک میتافۆرێک بۆ بێدەوڵەتی بەکاردەهێنن بۆ ئەوەی گوایە ناسـنامەیەکی سـەرزەوینیی جێگیریان نییە،**

---

[26] . UNHCR

**دۆخێک کە دەیانەوێت لێی هەڵبێن و نایانەوێت پەیوەندییان پێوەی هەبێت. ئایا بە ڕاستی دەکرێت ناسنامەیەکی ناشوێنی[27] هەبێت؟**

**کاڵهۆن**: جوولەکەکان نموونەیەکی باشــن. زایۆنیزم ناســنامەی شــوێنیی بۆ جوولەکەکان لە ئیسرائیل دروست کرد. لە بنەڕەتدا زایۆنیزم ویستوویەتی بڵێت "ئێمەی جوولەکە پێویستمان بە شـوێنێک و سـەرزەوینێکە بۆ ئەوەی ناسـنامەی جوولەکەبوونەکەمان سـەقامگیر بێت". کەواتە سەرزەوین و خاک هەموو جۆرە کێشە و گرفتێکی لەگەڵ هەیە، وەک شەڕ، بەڵام لە ڕادەبەدەر بەهێزە. لە هەمان کاتدا ناســـنامەی نەتەوەیی تا ڕادەیەک بەهێز هەن کە هەمان جۆری ســـەرزەوینی جێگیریـان نییە. پرسی مـاڵـدیف، گەلێـک کە دوورگەکەیـان بەهۆی گەرمبوونی جیهانەوە ژێرئاو کەوتووە و ئەگەر شـوێنێک هەبێت کە خەڵکی لێ بێت و لە ناکاو نەمێنێت، بۆ ناســـنامەی نەتەوەیی خۆیان چی دەگەیەنێت؟ لەوانەیە لە ئوســـترالیا یان هەندێک شـوێنی تر کۆتاییان پێ بێت و هۆشـیارییەکی نەتەوەیی بهێڵنەوە. کەواتە پەیوەندیی نێوان ئەو کەسـانەی کە لە شـوێنێکی تردا نەتەوەیین و لەگەڵ ئەوەی بە ئیسـتیلاح لە وڵاتی خۆیاندا نەتەوەیین، شـتێکی گەورەیە. بە باوەڕی من ئەمە بۆ کوردسـتان ڕاسـتە. هەرچەندە کوردێکی زیاتر لە هەندێک وەشـانی کوردسـتانی هێزەکیدا بە شـێوەیەکی ڕێژەیی هەیە، بەڵام ژمارەی کەیسی- فەڵەسـتینییەکان، ئەو ڕێژەیەی کە لە شـوێنێکی دیکەدایە زۆر زیاترە. کاتێک ناسـنامەی نەتەوەیی لە لایەن کەسـانێکەوە زیندوو دەهێڵرێتەوە کە لە شـوێنێکدا ناژین کە پەیوەندییان بە نەتەوەوە هەبێت، ئەوە بە ڕاستی ئەو ناسنامە دەگۆڕدرێت.

**ئەلیاسی: فەڵەســـتینی هەیە پێی وایە ئەو فەڵەســـتینیانەی وڵاتیان بە جێ هێشـــتووە "خیـانەت"یـان لە مـاڵی نەتەوەیی فەڵەســـتین کردووە و ڕێگەیـان بۆ داگیرکـاری و نیشتەجێبوونی ئیسرائیل خۆش کردووە.**

**کاڵهۆن**: تەنانەت خەڵکی ئیرلەندییش کە ڕوویان لە ئەمریکا کردووە. بۆچی خەڵکی ئیرلەندی ئەمریکی پارەیان بۆ ســـوپای کۆماریخوازانی ئێرلەندا دەنارد؟ بەڵێ، چونکە هەســـتیان بە تاوانباریی دیاسپۆرا دەکرد.

---

[27] . non-place identity

**ئەلیاسی: تێگەی دیاسپۆرای بێدەوڵەت چۆن دەبینیت؟**

کاڵهۆن: پێم وایە کە تێگەکە مانای هەیە و زۆر گرنگە کە مرۆڤەکان چۆن پەیوەندییان بە دەوڵەتە ئەگەرییەکانەوە هەیە.

**ئەلیاسی: ڕات چییە لەسەر فۆرماسیۆنی ناسنامەی دیاسپۆرا؟**

**کاڵهۆن**: خەڵکی دیاسپۆرا سەبارەت بە کولتووری نەتەوەیی لەچاو ئەو کەسانەی کە لە زێدی خۆیان دەژین، خۆپارێز و موحافزکارترن. ئەمەش بەشێکی لەبەر ئەوەیە کە ئەوان بیریان دێتەوە کاتێک لە زێدی خۆیان بوون شتەکان چۆن بوون. کەواتە ئەوەی کە خۆیان لەگەڵیدا دەناسێنن، کولتوورێکی نەتەوەییە کە لەسەر بنەمای یادەوەرییەکی ئایدیالیزەکراو دامەزراوە. بۆ ئەو کەسانەی کە لە شوێنێکی دیکەی دەرەوەی نیشتیمانی سەرەکیی خۆیان دەژین، ژیانی خۆیان لەگەڵ کۆمەڵگەی دەوروبەریدا بەراوەرد دەکەن و بیر لە بەرگریکردن لە ناسنامەکانیان و کولتووری نەتەوەیی دەکەنەوە. بە هۆی ئەو ڕۆڵەی کە لە ژیانیاندا دەیگێڕێت ئاسانترە بۆیان کە کولتووری نەتەوەیی مۆمیا[28] بکەن و لە ڕووی کولتوورییەوە دیدێکی خۆپارێزانەتریان هەبێت بۆی. تۆ کوردایەتی لە بەستێنی خۆکەسی[29] ژیانتدا ڕێک دەخەیت، بۆیە لە کۆتایی حەفتە یان ئێوارانـدا لەگەڵتە و لە ڕۆژی کاردا کەمتر جەختی لەسەر دەکرێتەوە. ئەمە پەیوەست دەبێت بەو چالاکییە کولتوورییانەوە کە دەتوانیت بە جۆرێک لە جۆرەکان کوردایەتی بکەیتە کردەیی. لە لایەکی ترەوە کەسێک لە ئەنادۆڵ دەژی، ئەوان هەموو کاتێک کوردن لە هەموو ئەو کۆدەقە جیاوازانەدا. ئەمە هەمان جۆری قەڵیشت لە نێوان بەشی کوردی و ناکوردیی ژیان لە نیشتمانە سەرەکییەکەدا نییە. ئەو خۆپارێزییە بە ئەم قەڵیشتەی دیاسپۆرا گرووتینی پێ دەدرێت.

**ئەلیاسی: ڕات چییە لەسەر چەمکی هاووڵاتیی بێدەوڵەت؟**

**کاڵهۆن**: هاووڵاتیبوون چەمکێکی دەوڵەت-تەوەرە. من وەک میتافۆرێک ڕاڤەی دەکەم نەک تەنها وەک بابەتێکی تەوسیفی.

[28] . fossilise

[29] . private realm

**ئەلیاسی: چۆن شرۆڤەی ئەوە بکەین کە کورد هەیە هاووڵاتینامەی ســویدی/ بەریتانی وەردەگرێت هەرچەندە بە جۆری ژێردەستە بەڵام هێشتا ئیدیعای بێدەوڵەتی دەکات؟**

**کاڵهۆن**: پێم وایە ئەمە پەیوەندیی بە هۆشیاریی دووفاقەوە[30] هەیە کە ئێمە دەوڵەتمان نییە. ئەو "ئێمە"ی کە من وەک کوردێک خۆی پێ دەناســێنم، دەوڵەتی نییە بەڵام من دەوڵەتم هەیە بە شـێوەیەک کە دەتوانم پاسـپۆرتی بەریتانی یان سـویدی خۆم بە کار بهێنم. دەتوانم دەنگ بدەم و کار بکەم. بەڵام لە کۆتاییدا، چ شــتێک وەک "ئێمە"یەکی موعتەبەر ئەژمار دەکرێت. کەواتە لە ســوید ئایا تۆ "ئێمە" بە کار دەهێنیت بۆ ئەوەی خۆت و ســویدییەکان بگرێتەوە و ئەمە چ کاتێک؟ هەروەها ئێوە ئاگاداری زۆر کۆدەقن لە ســوید کە تۆ بەشــێک نیت لە "ئێمە". ئەم "ئێمە" و "ئەوان"ە هەستی بێدەوڵەتی بەهێزتر دەکات.

**ئەلیاسی: ئایا پێت وایە ئەو "بەردەنگی زەروورە[31]" کە زانایانی وەک ڕیچارد کیلی، فرانک بێچۆفەر و دەیڤید مەکرۆن (2005) لە وتارەکەیاندا بە ســەرناوی "لەدایکبوون، خوێن و پێوەندارێتی: ئیدیعای ناســنامە لە ســکۆتلەندای دوای وەرگرتنی دەســەڵاتدا[32]"، بۆ پێناسـەکردنی گرووپە سـەردەسـتەکان باسی دەکەن، لەسـەر پێکهاتنی ناسـنامەی خەڵکی بێدەوڵەت باندۆر دادەنێت بۆ ئەوەی خۆیان بە بێدەوڵەت پێناسە بکەن؟**

**کاڵهۆن**: بەڵێ، کاریگەریی زۆری لەسـەری دەبێت. بە گشـتی ناسـنامەی باڵادەست کاریگەریی لەسـەر پێکهاتنی ناسـنامەیان هەیە. بەڵام گرینگایەتییەکەی بەسـتە بەوەی چەندە هەسـتێکی بەهێزی پێوەنـدارێتی بە نەتەوەی دیاســپۆراوە بپـارێزیـت نـەک نەتەوەی میوانـدار، بەپێی ئەوەی کە نەتەوەی میواندار چەندە پێشـوازیی لێ دەکات و چەندە دەرفەتت بۆ یەکگرتن بۆ دەڕەخسـێنێت، جیاوازە. کەواتە تۆ کۆمەڵێک نموونەت هەیە، سـوید یەکێکە لەو وڵاتانەی کە لە هەنـدێک کاتـدا کراوەن بەو مـانـایەی کە بەدەســتهێنـانی هـاووڵاتینـامەی فەرمی تـا ڕادەیەک ئاســانە بەڵام داخراون بەو مانایەی کە ســەختە ببیتە ئەندامی فەرهەنگی. ئەوەش بە پێچەوانەی ئەمریکایە، کە ســەختی و ئاســانی گرتنی هاووڵاتیی فەرمی لە هەڵکشــان و

---

[30]. double consciousness

[31] . crucial audience

[32] . *Birth, blood and belonging: Identity claims in post-devolution Scotland*

داکشاندایە. بەڵام ئاسانترە ببیتە ئەندامێکی فەرهەنگی چونکە لە خۆتێگەیشتنی[33] فەرهەنگی لە ئەمریکادا لەسەر بنەمای مۆزایکێک لە فەرهەنگە جیاوازەکان دامەزراوە. ئەگەر سپیپێست بیت ئاسانترە لەوەی کە سپی نەبیت. پێم وایە تا نەتەوەی میواندار زیاتر یەکگرتن و پێوەندارێتیی تەواو و قەبووڵکردن سەختتر بکات، خەڵک زێدەتر هەست بە ناسنامەی سەرەکیی خۆیان لە وڵاتانی دوورەدەستیان دەکەن.

**ئەلیاسی: ئیلینۆر کۆفمان لە وتارێکدا سەبارەت بە "کەسایەتییە جیهانوەتەنەکان: هاووڵاتیانی ئیمتیازدار و دەرەکییە نەتەوەییەکان[34]" (٢٠٠٥) باس لە جوولەکەکان دەکات لە ئەوروپا کە لە ڕووی مێژووییەوە وەک دەرەکییەکی ناوەوە[35] بیریان لێ کراوەتەوە، ئەمەش تا ئاستێک لە مشتومڕە هاوچەرخەکانی دژەموسڵمانان لە ئەوروپا دەچێت. بەڵام لە ڕووی مێژووییەوە جوولەکەکان وەک کەسێکی تەواو ئاسمیلەکراو سەیر دەکران و بەم شێوەیە وەک مەترسییەک دەنوێندرانەوە. ئەمڕۆ موسڵمانان بە تەریک و جیاکەوتە دەبیندرێن کە لە کۆمەڵگەیەکی هاوتەریب لە ئەوروپادا دەژین.**

**کاڵهۆن:** ئەمە بە باوەری من ڕاستە. بابەتێکی سەرنجڕاکێشە بۆ لێکۆڵینەوە سەبارەت بەوەی کەسانی بیانی و نامۆ، چ کاتێک ڕاکێشەرن و چ کاتێک خراپن. لە ئەڵمانیا، سەد ساڵ لەمەوبەر، جۆرێک لە کولتووری ڕۆشنبیری هەبوو کە بە شێوەی ڕۆژهەڵاتناسییەکی تەلتیفکراو زۆر خەریکی ئیسلام بوو، بەهیخۆکردنێکی کولتووری[36] لە ئارادا بوو و تا ئاستێکیش لەبەر ئەوەی هیچ موسڵمانێکی ڕاستەقینە لەوێ نەبوو. ئەو موسڵمانانەی لەوێ بوون جۆرێک لە ڕاکێش و سەیروسەمەرە بوون، لە کاتێکدا جوولەکەکان وەک کێشەیەک سەبارەت بە ئەڵمانییەکان سەیر دەکران. ئەمە دەگۆڕێت. ئێستا، هۆشیاریی ئەڵمانی دەڵێ موسڵمانان کێشەن و لێرە زۆرن و ئەوەی لێرە دەیکەن گۆڕینی ناسنامەی ئەڵمانیایە. کولتووری موسڵمانەکان ئیتر سەرنجڕاکێش نین. لە لایەکی ترەوە دوای هۆلۆکۆست جۆرێک لە سەرسامیی سەرنجڕاکێش بۆ جوولەکەکان هەیە، کاتێک جوولەکەکان لە ئەڵمانیا خۆیان نیشان دەدەن، خەریکە دەیسەلمێنن کە ئەڵمانیا چیتر ئەڵمانیای خراپ نییە و وەک شتێکی

---

[33] . self-understanding

[34] . *Figures of the cosmopolitan: Privileged nationals and national outsiders*

[35] . exotic outsiders

[36] . cultural appropriation

زۆر ئەرێنی ئەزموون دەکرێت. بڕوانن! جوولەکەکان لێرەن و ئێمەش وەک باپیرە و داپیرە ئەڵمانییەکانمان خراپ نین! کەواتە پێچەوانەبوونەوەی هەڵوێست بۆ موسڵمانان و جوولەکەکان ڕووی داوە.

**ئەلیاسی: دەتوانی باسێک دەربارەی دیاسپۆرای بێدەوڵەت (بۆ نموونە کورد و تامیل) و دیاسپۆرای دەوڵەتدار (بۆ نموونە تورک) بکەیت؟**

**کاڵهۆن**: مەسەلەی دەسەڵات و هۆشیاری، دووفاقەییە. کاتێک بێدەوڵەتیت، هەمیشە دەبێت بۆ هەموو کاروبار و کەلێن و قوژبنەکانی ژیانت دەوڵەتەکانی تر بە کار بهێنیت. لاوازی و خەسار بەرامبەر بە جۆرێک لە برینداری و لاوازیی بەردەوامیی هەلومەرج یان سووکایەتیپێکردن بە هۆی ئەوەی لە لایەنێکی بێدەوڵەتەوە هاتوویت. نموونەی ئێوەی کورد کە دەیەوێت بڵێ خەڵکی کوردستانم بەڵام ناتوانێ لەسەر نەخشە، کوردستان پیشانی خەڵکی بدات. ئەمە لاوازی و خەساری ئەو وەزعییەتەیە. ئەگەر لە وڵاتێکی هەژاریشەوە هاتبیت، وڵاتێکت هەیە و شانازییەکت هەیە و لەگەڵ هەموو کەسێکی دیکە کە وڵاتێکی هەیە، یەکسانیت. بەڵام ئەگەر لە دۆخێکی بێدەوڵەتییەوە هاتبیت، ئەوا تۆ بە جۆرێک لە جۆرەکان لەم بێبەشی و تەنگەژەیەدای و بەردەوام ئامادەیت بۆ ئەوەی سووکایەتیت پێ بکرێت و بخرێیتە خوارەوە بە هۆی ئەو سەختییەی کە دەبێ وەڵامی ئەو پرسیارە بدەیتەوە کە خەڵکی کوێیت؟ چی بکەین لەم بارەیەوە؟ زۆربەی تیۆریستەکانی جیهانوەتەنی وتوویانە کە دەبێ هەموومان بێدەوڵەت بین. بەڵام بێدەوڵەتی زۆر ترسناک دەردەکەوێت بۆیە بە ڕاستی پێویستە ئیمکانەکانی ئەندامێتیی کاریگەرانەی دەوڵەت دروست بکەین و کراوە بین بۆ دووبارە کێشانەوەی سنوورەکان. پێم وا نییە ئەو چارەسەرە کە هەموو کەسێک بێدەوڵەت بێت، زۆر واقیعی بێت. دەبێت دانە دانە لەگەڵ نموونەی بێدەوڵەتەکان هەڵسوکەوت بکەیت و بزانیت ئەگەرەکان چین؟ بەڵام ئەمە ئاسان نییە. پێشبینیی من بۆ کورد ئەوە نییە کە کوردستانێک هەبێت بەڵکوو ڕەنگە دوو سێ کوردستان هەبێت نەک کوردستانێکی یەکگرتوو. ئەمەش بۆ ناسیۆنالیزمی کورد بە شێوەیەکی مەترسیدار تێکدەر دەبێت. ئاسان نابێت تەنها بڵێین هەموومان یەکین و هەمووومان کوردین. وەک عەرەبی لێ دێت. خەڵک دەیانەوێت عەرەب بن بەڵام هەر میسری و تونسی و ئوردنین.

**ئەلیاسی: بۆچی پێت وایە ناسیۆنالیزمی گرووپە سەردەستەکان، داگر و گشتگیر سەیر دەکرێن لەکاتێکدا ناسیۆنالیزمی گرووپە ژێردەستەکان وەک جوداخواز سەیر دەکرێن کاتێک مرۆڤە بێدەوڵەتەکان باس لە چارەی خۆنووسینی نەتەوەیی دەکەن؟**

**کاڵهۆن**: کاتێک دەوڵەتێکت دەوێت یان دەتەوێت دەوڵەتێک بگۆڕیت، ئەمە تێکدەرانەیە. ئەگەر سەر بە لایەنی سەردەستی دەوڵەت بیت، دەتەوێت بەردەوام کۆنترۆڵی سیاسی بمێنێتەوە. لەبەر ئەوە نییە کە یەکێکیان ناسیۆنالیستە لەکاتێکدا ئەوی دیکەیان نییە. مەعمووله کە زۆرێک لە ئەمریکییەکان دەڵێن ئەمریکا ناسیۆنالیست نییە بەڵکوو فرەکولتوورییە، بەڵام لە ڕاستیدا زۆر ناسیۆنالیستە بەو پێیەی کولتوورێکی نەتەوەییی زۆر باڵادەستی هەیە و دەسەڵاتی دانانی یاساکەی هەیە. گرووپە باڵادەستەکان ناسیۆنالیستن بەڵام دان بەوەدا نانێن. ئەوە یەکێکە لە ئیمتیازەکانی باڵادەستبوون کە توانای ئەوەت هەیە ئەوەی دەیکەیت وەک بابەتێکی سروشتی ببینیت نەک وەک باڵادەستبوون. بەڵام ئەگەر ژێردەستە بیت، ئەوا ئەو ئیمتیازەت نییە. تۆ بەردەوام دەزانیت ئەوەی دەیکەیت لەم پەیوەندییەدایە.